# سەنتەری
# شێخ موحەممەد تاهیری کوردی
# بۆ فێرکردن و لەبەر کردنی قورئانی پیرۆز
# لە کۆلێژی زانستەئیسلامیەکان
# زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر
# ٢٠٢٣ـ٢٠٢٤

بسم الله الرحمن الرحيم

# وتەی ڕاگری کۆلێژ

به ناوی خوای گەورە و میهرەبان

دوای درووود و سڵاو بۆ سەر گیانی پاکی پێغەمبەری ئاخیر زەمان و یار و یاوەرانی، قورئانی پیرۆز ئەو پەڕتوکە مەزنەیە کە خوای گەورە وەك دیارییەك ناردوویەتی بۆ پێغەمبەرمان –دروودی خوای لە سەر بێت-؛ تا خۆی و ئوممەتەکەی بیکەن بە کارنامەی ژیان؛ بەمەبەستی دەستەبەرکردنی بەختەوەری هەمیشەیی و سەرفرازی دونیا و دوارۆژ.

شیاوی بیرخستنەوەیە، ڕێزگرتن لە قورئانی پیرۆز، بەو پێیەی کە کەلام و سیفەتی خوایە، ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە، بەهەردوو رووی خوێندنەوە و کارپێکردن. هەروەها، پابەندبوون بە بنەمـــاکانی رەوان خوێندنـــەوەی قورئـــانی پیرۆز و جێبەجێکردنـــی ئەحکامەکانی تەجوید و رازاندنەوەی بەدەنگی خۆش و بنەماکانی مەقامات، بە رەچاوکردنی ئەو شێوازەی کە لە پێغەمبەرمان –دروودی خوای لە سەر بێت- گوازراوەتەوە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: [الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَتْلُونَهُ حَقَّ تِلاَوَتِهِ أُوْلَئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِ] سورة البقرة: الآية: (١٢١).

هەروەها تێڕامان لە مانا و مەبەستەكانی قورئانی پیرۆز یەكێكە لە داخوازییەكانی خوای گەورە لە بەندەكانی، وەك دەفەرموێت: [أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا] سورة محمّد: الآية: (٢٤)، بەمەبەستی سوودوەرگرتن لێی لەرێكخستنی كاروباری ژیانی رۆژانە و گوزەركردن لەسەر ئەو شێوازە ژیانەی خودا لە قورئاندا ئاماژەی پێداوە.

شیاوی ئاماژەپێدانە، هەڵگرانی قورئان و پەیامەكانی، واتە مامۆستا و قوتابییەكانی قورئان، باشترین چینی مسوڵمانانن، وەك پێغەمبەرمان –دروودی خوای لە سەر بێت- فەرموویەتی: ((خيركم من تعلّم القرآن وعلّمه)).

لە روانگەی ئەم دەققە پیرۆزانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێدرا و بەرمەبنای چەندین دەقی تری قورئان و فەرموودە، ئەنجومەنی كۆلێژی زانستە ئیسلامییەكانی زانكۆی سەلاحەدین – هەولێر، بەهەماهەنگی لەگەڵ سەرۆكایەتی زانكۆ و لایەنە پەیوەندیدارەكان، هەڵسا بە دامەزراندنی سەنتەرێكی فێركاری تایبەت بە فێركردن و خوێندنەوە و لەبەركردنی قورئانی پیرۆز، بۆ ئەوەی هاوشێوەی زانایانی پێشینی كورد، بەشداری كارامان هەبێت لەخزمەتكردن بە ئیسلام و قورئان و سەرجەم زانستەئیسلامییەكان بەگشتی.

دوای راگۆڕینەوە و گەنگەشە، سەبارەت بە هەڵبژاردنی ناوێکی گونجاو بۆ سەنتەرەکە، بڕیاردرا سەنتەرەکە بەناوی خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ محمد تاهیری کوردیی ناوبنرێت، کە کەڵە زانایەکی هەڵکەوتەی کوردە و خزمەتێکی زۆری بە قورئان و ئیسلام کردووە.

مەبەستي سەرەکیش لە دامەزراندنی ئەم سەنتەرە بریتییە لە ڕەوانخوێندنەوەی قورئانی پیرۆز، لەبەرکردن، خوێندنی مەقامات و قیرائاتە جۆراوجۆرەکانی قورئان بە سەنەد و ئیجازەوە، هەروەها ئەنجامدانی چالاکی ئەکادیمی تایبەت بەم بوارانە و پرسەکانی پەیوەست بە زانستە قورئانییەکان، وەك: سیمینار، پانێل، ووركشۆپ و کۆنفرانس.

چەقی گرنگیپێدان لەم سەنەتەرە، لەرووی فێرکردنی ڕەوانخوێندنەوە و پێدانی مۆڵەتنامەی ڕەوانخوێندنەوەی قورئان بەڕشتەبەندی دروست، بریتی دەبێت لە قوتابی و مامۆستا و فەرمانبەرانی زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر بەگشتی و قوتابی و مامۆستا و فەرمانبەرانی کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان بەتایبەتی.

لێرەدا دەمەوێت سوپاسی هەموو ئەو کەسانە بکەم کە ڕۆڵیان هەبوو لە کردنەوەی ئەم سەنتەرە، بەتایبەت: پ.د.کمال صادق یاسین، پ.د.إدريس قادر حمدامين راگری پێشوی کۆلێژ، پ.ی.د.زیاد إسماعيل حمد یاریدەدەری پێشوی راگر، هەروەها سەرجەم ئەو کەسانەی کە پاڵپشتی پرۆژەکەیان کرد لە سەرۆکایەتی زانکۆ بە تایبەت بەڕێزان سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر پ.ی.د.کامران یونس حمدامين و بەرپرسی دڵنیای جۆری زانکۆ پ.د.نبيل عادل فخری.

هیواخوازین کە ئەم سەنتەرە ببێت بە ناوەندێکی ئەکادیمی کارا بۆ گرنگیدانی زیاتر بە سەرجەم زانستەکانی قورئانی پیرۆز لە کۆلێژەکەمان.

خوای گەورە پشت و پەنای هەموو لایەکمان بێت.

پ.د.جميل على رسول سورچی

راگری کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان

زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

٢٠٢٤/١/٢٩

# پەیڕەوی ناوخۆی

## سەنتەری شێخ موحەممەد تاهیری کوردی
## بۆ فێرکردن ولەبەرکردنی قورئانی پیرۆز
## کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان
## زانکۆی صلاح الدین/ هەولێر

## برگەی یەکەم: پێناسی سەنتەر

ناو: سەنتەری شێخ محمد تاهیری کوردی بۆ فێرکردن لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، سەنتەرێکە سەر بە کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان-زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر، لەساڵی ٢٠٢٣ز دامەزراوە.

## برگەی دووەم: تایبەتمەندی سەنتەر

سەنتەرێکی تایبەتە بە فێربوون وجوان خوێندنەوەو، لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز و، شارەزابوون لە یاساکانی، وەك تەفسیرو ڕاڤەی مانای ئایەتەکانی و، بایەخ دان بە بەزانستەکانی قورئان و، شێوازەکانی خوێندنەوەی کەناو دەبردرێن بە: ( علم القراءات).

## برگەی سێیەم: بەشەکانی سەنتەر وجۆری چالاکیەکانی

سەنتەری شێخ محمد تاهیری کوردی لەم بەشە سەرەکیانە پێك دێت:

١-بەشی فێرکردن .

٢- بەشی لەبەرکردن.

٣-بەشی مۆڵەتی خوێندنەوە ( إجازة القراءة).

٤-بەشی توێژینەوە قورئانیەکان.

ئیدارەی سەنتەر دەتوانێ هەربەشێکی تر بکاتەوە، ئەگەر بەگونجاو وپێویستی بزانێ.

## برگەی چوارەم: میکانیزم وچالاکی سەنتەر

بە میکانیزمەکانی کردنەوەی خول و، ئەنجامدانی سیمنار وسیمپۆزیۆم و، کۆنفراس و، پێشبڕکێی جوان خوێندنەوە و، لەبەرکردنی قورئان، لەسەر ئاستی کۆلێژ و، زانکۆکانی کوردستان و، لە دەرەوەی زانکۆکان و ناوەو دەرەوەی وڵات و، دەرکردنی گۆڤاری تایبەت بەسەنتەر، سەنتەر هەوڵدەدات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی.

## برگەی پێنجەم: ئامانجەکانی سەنتەر

بە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی سەنتەر ئەم خاڵانەی خوارەوە بە ئامانج دەگرێت:

١-فێربوون و جوان خوێندنەوە و، لەبەر کردنی قورئانی پیرۆز، بەشێوەیەکی ڕاست ودروست، بۆ ئارەزوو مەندان، لە قوتابیان و مامۆستایان و فەرمانبەرانی زانکۆی صلاح الدین.

٢-دەوڵەمەند کردنی قوتابیانی لەهەردوو ڕەگەز، بەڕۆشنبیریی قورئانیی جۆراوجۆر و، تێگەیشتنی دروست لەدەقەکان و، پەروەردەی ئیمانی و، ڕۆحی و، هزری مامناوەند و، قووڵأکردنەوەی باوەڕ بوون بەپێکەوە ژیان و، تەبایی، دوور لە هزری پەڕگیری وچەقبەستوویی وکارکــــردن لەســــــەر پتەوکردن وبەهێزکردنی، هەستی خۆشویستنی نیشتیمان و ئاشتی کۆمەڵایەتی، بە پشت بەستن بە دایەلۆگ و لێبوردەیی.

٣-بەگەڕخستن و، سوود وەرگرتن لەتواناکانی قوتابی، بەمەبەستی سوود گەیانــــدن بەخودی قوتابــــی وخانەوادەکەی و، سەرجەم هاوڵاتیانی وڵاتەکەمان.

٤-پێگەیاندنی قورئانخوێنی کارامەو، دەنگخــــــۆش وبەهرەمەند و بەشداری پێکردنیان لە پێشبڕکێی تایبەت بۆ بوارەکانی قورئانی پیرۆز و، لەسەر ئاستی ناوخۆ ونێودەولەتی، تا لەرێیانەوە گەل وولات وزانکۆمان و، توانای گەنجانمان، بە گەل و وڵاتانی تر بناسێنین.

٥-پێدان وبەخشینی بڕوانامەی فێربوون ولەبەرکردن وئیجازەی قیرائەت وخەڵات کردن وڕێزلێنان لە سەرکەوتوو و بەهرەمەندەکان.

٦-کارکردن لەسەر پتەوکردنی پەیوەندیی لەگەڵ سەنتەرە هاوپیشەو، هاوشێوەکان و، بایەخدان بە

شارستانیەتی ئیسلامی، لە ڕووی مێژوو و جوگرافیا و شوێنەوار ناسی و، دەرخستنی ڕۆڵی زانایانی کورد، لەخزمەتکردنی قورئانی پیرۆزو، ئایینی ئیسلام.

## بڕگەی شەشەم: چینی سوودمەندانی سەنتەر

سەرجەم قوتابیان و، مامۆستایان و، فەرمانبەرانی کولێژی زانستە ئیسلامیەکان و، کۆلێژەکانی تری زانکۆی صلاح الدين دەتوانن سوودمەند وبەشدار بن لە سەنتەرەکە.

## بڕگەی حەوتەم: پێکهاتە و کارەکانی سەنتەر.

سەنتەر لە دوو دەستەی سەرەکی پێکدێت:

١- دەستەی کارگێڕی: لەمانەی خوارەوە پێکدێت:

أ- بەرپرسی سەنتەر.

ب- بەرپرسی ڕاگەیاندن.

ت- بەرپرسی (IT) .

٢- دەستەی زانستی ڕاوێژکاری: بایەخ دەدات بە پێشکەشکردنی ڕاوێژکاری زانستی جۆراوجۆر، مەرجە ئەندامانی ئەم دەستەیە، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرابن، لە یەکێك لە پسپۆڕیەکانی زانستە ئیسلامییەکان و، سەر بەزانکۆی صلاح الدين بن وژمارەیان لە پێنج ئەندام کەمتر نەبێت .

## برگەی هەشتەم: تۆمارەکانی سەنتەر.

سەنتەر ئەم تۆمارانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

١. تۆماری چالاکیەکان.

٢. تۆماری بڕیارو دانیشتنەکان.

٣. هەر تۆمارێکی تر،دەستەی کارگێڕی بە پێویستی بزانێ.

## برگەی نۆیەم: ئەندامیەتی سەنتەر

سەرجەم مامۆستا و فەرمانبەر و کارمەندانی زانکۆی سەلاحەدین، مافی ئەندامیەتیان لە سەنتەر هەیە و، سەنتەر دەتوانێ، لەبوارە زانستیە کان، سوود لە دەرچووانی بەهرەمەندی کۆلێژ وەربگرێ، هەروەها سەنتەر مافی ئەوەی هەیە پشت ببەستێت بە توێژەری تەرخانکراو، بە دامەزراندن، یان بە تەنسیبکردن، بۆ ئەنجامدانی ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوانەی، دەستەی زانستی ڕاوێژکاری، پێشنیاریان دەکات.

خوایە کۆششەکان قبوڵ و پڕ بەرەکەت بکە و وڵات سەقامگیر و ئاوەدانتر بکە.

# مركز
# الشيخ محمد طاهر الكوردي لتعليم وتحفيظ القرآن الكريم بكلية العلوم الإسلامية
# جامعة صلاح الدين / أربيل
# ٢٠٢٣-٢٠٢٤

# النظام الداخلي
# لمركز الشيخ محمد طاهر الكوردي لتعليم وتحفيظ القرآن الكريم بكلية العلوم الإسلامية / جامعة صلاح الدين / أربيل

## المادة الأولى: تعريف المركز

الاسم: مركز الشيخ محمد طاهر الكوردي لتعليم وتحفيظ القرآن الكريم، مركز تابع لكلية العلوم الإسلامية-جامعة صلاح الدين/أربيل، تأسس عام ٢٠٠٢م.

## المادة الثانية: اختصاص المركز

يختص المركز بتعليم قراءة القرآن الكريم وتجويده وتحفيظه، وتعليم التفسير، والاهتمام بعلوم القرآن وعلم القراءات.

## المادة الثالثة: أقسام المركز وأنشطته

يتكون مركز الشيخ محمد طاهر الكوردي من الأقسام الرئيسية الآتية:
١ - قسم التعليم ٢- قسم التحفيظ ٣- قسم إجازة القراءة ٤- قسم الدراسات القرآنية.
ويجوز لإدارة المركز فتح أي قسم آخر إذا رأت ذلك مناسباً وضرورياً.

## المادة الرابعة: آليات وأنشطة المركز

فتح الدورات، وإقامة الندوات والسيمينارات، وإقامة المؤتمرات ومسابقات قراءة القرآن الكريم وتحفيظه، على مستوى كليات وجامعات كردستان وخارج الجامعات، داخل وخارج البلاد، وإصدار مجلة خاصة بالمركز، بهذه الآليات يحاول المركز تحقيق أهدافه.

## المادة الخامسة: أهداف المركز

يهدف المركز من خلال أنشطته المختلفة إلى تحقيق الأهداف الآتية:

١- تعليم قراءة القرآن الكريم وتجويده وتحفيظه بشكل صحيح للراغبين من طلاب وأساتذة وموظفي جامعة صلاح الدين.

٢- إغناء الطلاب من الجنسين بالثقافة القرآنية المتنوعة، والفهم الصحيح للنصوص، والتربية الإيمانية والروحانية والفكر المعتدل، وتعميق روح التعايش والأخـــــوة

بعيداً عن فكرة التطرف والجمود الفكري، والعمل على ترسيخ وتعزيز الانتماء الوطني والسلم الاجتماعي المبني على الحوار والتسامح.

٣- تنمية قدرات واستعدادات الطلبة واستغلال طاقاتهم لتعود بالنفع على الطلاب أنفسهم وأسرهم وجميع المواطنين.

٤- تنشئة وتربية القارئ الماهر والكفوء، ومشاركتهم في المسابقات الخاصة بمجالات القرآن الكريم، على المستوى المحلي والدولي، لنتمكن من خلال ذلك تعريف شعبنا ووطنا وجامعتنا بالبلدان والشعوب الآخرين.

٥- منح شهادات التعلم والتحفيظ وإجازة القراءات القرآنية، وتكريم المتفوقين والموهوبين.

٦- العمل على تعزيز العلاقات مع المراكز المماثلة، والاهتمام بالحضارة الإسلاميـــــة

تاريخياً وجغرافياً وتراثيا، والعمل على إظهار دور علماء الكورد في خدمة القرآن الكريم والإسلام.

## المادة السادسة: المستفيدون من المركز

يمكن لجميع الطلبة والأساتذة والموظفين في كلية العلوم الإسلامية والكليات الأخرى في جامعة صلاح الدين الاستفادة من المركز.

## المادة السابعة: هيكلية المركز ومهامه.

يتكون المركز من ثلاث هيئات رئيسية:

١- الهيئة الإدارية: وتتكون من السادة:

أ- رئيس المركز.

ب- مسؤول قسم الاعلام.

ت- مسؤول قسم تكنولوجيا المعلومات (I T).

٢-الهيئة العلمية الاستشارية:

تهتم هذه الهيئة بتقديم الاستشارات العلمية، ويشترط أن يكون أعضاء هذه الهيئة من حملة شهادة الدكتوراه في أحد تخصصات العلوم الإسلامية وأن يكونوا منتسبين لجامعة صلاح الدين ولا يقل عدد الأعضاء عن خمسة أعضاء.

٣- الهيئة التدريسية.

## المادة الثامنة: سجلات المركز

يعتمد المركز على السجلات الآتية:

١. سجل النشاطات.

٢. سجل القرارات والاجتماعات.

٣. أي سجل آخر تراه الهيئة الادارية ضرورية.

## المادة التاسعة: عضوية المركز

يحق لجميع الأساتذة والموظفين والعاملين في جامعة صلاح الدين أن يصبحوا أعضاء في المركز، ويمكن للمركز الاستفادة من الخريجين الموهوبين في المجالات العلمية. أيضا يحق للمركز الاعتماد على باحثين لإجراء البحوث التي تقترحها اللجنة الإستشارية العلمية.

تقبل اللهم هذه الجهود وبارك فيها واجعل
البلاد أكثر أمناً واستقرارا وازدهارا

# Center of Sheikh Muhammad Taher Al-Kurdi  for Teaching and Memorizing the Noble Qur'an, College of Islamic Sciences,

# Salahaddin University / Erbil